بانکی ناوەندی: سزاکانی بانکی ئەلهودا بەهۆی چالاکییەکانی بووە لە ساڵی 2022

ئەمە سەشەمە، بانکی ناوەندی ئاشکرای کرد کە وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای بەسەر بانکی هودای عەراقدا سەپاندووە، بەهۆی چالاکیەکانی لە ساڵی 2022،هاوکات ئاماژە بەوە دەکات کە بانکەکە بەشداریی لە پەنجەرەی کەین و فرۆشتنی دراوی بیانی لە ماوەی ساڵی 2023دا نەکردووە.

بانکی ناوەندیی عەراق، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای بەسەر بانکی ئەلهودای عەراقدا سەپاندووە بەهۆی چالاکییەکانی لە ساڵی ٢٠٢٢دا.

ئاماژەی بەوەشکرد" بانکەکە لە ماوەی ساڵی 2023دا بەشداریی لە پەنجەرەی کەین و فرۆشتنی دراوی بیانی نەکردووە، وبانکی ئەلهودا بەردەوام لە پەشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکانی بەبێ ئەوەی مامەڵە بە دۆلاری ئەمریکی بکات و ڕێگەی پێدراوە مامەڵە بەدراوەکانی بیانی دیکە بکات.